# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی و هەوڵی ڕاست نووسینی کوردی

پ.ی.د.سەباح موسا عەلی
زانکۆی کەرکووك/ کۆلیژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی
Sabahmosa330@gmail.com

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەسەرکردنەوەو ئاگاداری کێشەو گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ببین بە ئەلفوبێی عەرەبی (ئارامی، حیجازی، کوفی، نەبەتی) و ڕێگاچارەسەر بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنی و بەرەو راژەو خزمەتی زمانی کوردی و هەنگاو نان بۆ دارشتن و دانانی بناخەی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ئەنجا کێشەی نییە ئەو ڕێنووسە بە شێوازی ئەلفو بێی عەرەبی ئارامی بێت یان بە ڕێنووسی ئەلفوبێی لاتینی یان هەر جۆرێکی تر بێت بە مەرجێك بنەمایەکی زانستی وبناخەیەکی ڕاست و دروستی هەبێت و سەرجەم خاوەن پسپورو شارەزایانی ڕێنووسی کوردی کۆك بن لەسەریدا.

**وشە کلیلییەکان**: ڕێنووس، ڕێنووسی یەکگرتوو، ڕێنووسی کوردی

## Kurdish Dictation and attempts of correcting it

**Assistant ProfessorDr.Sabah Musa Ali**
**Kurdish deparment/College of Education/Kirkuk University**
**Sabahmosa330@gmail.com**

**Absstract**

The research deals with the beginning of the appearance of writing in humans since ancient times and its efforts to demonstrate its activites.events and championships in order to present them to subsequentgenerations.The beginning wassimple and easy and began by drawing picture and carving on the wall of the caves and writing on the papyrus papers until the cuneiform writing and hieroglyphics in Egypt by the ancient pharaohs were invevted and after a period appeared in the writing of the peoples and folks in an attempt to deliver his voice until the invention of writing and letters and then print until it reached the present day.

The reaserch consists of three section and the result reached by the reasercher.and the first chapter deals with types of writing sections of three section and the results reached by the researcher.and the first chapter deals with types of writing and characters . and in the second section to the types of characters used by the Kurds and his efforts to develop thes characters .and in the last Kurdish diaction and ways to address them and how to access Kurdish unified diaction .

**Keywords**: dictation, standardized dictation, Kurdish dictation

# الاملاء الكوردى ومحاولات تعديلاها

د.صباح موسى على
جامعة كركوك/ كلية التربية/قسم اللغة الكردية
Sabahmosa330@gmail.com

**المستخلص**

يتناول هذا البحث نبذة مختصرة عن بداية ظهور الكتابة لدى الانسان منذ قدم الزمان وجهوده الدؤوبة من اجل ابراز نشاطاته وفعالياته من أجل ابرازها للأجيال اللاحقه وكانت البداية بسيطة وسهلة، وبدأت برسم الصور والحفر على جدار الكهوف وعلى أوراق البردي الى ان اخترعت الكتابة المسمارية والهيروغليفية فى مصر الفراعنه القدماء وبعد مده ظهرت الكتابه لدى الاقوام والشعوب في مسعى ومحاولة لايصال صوته الى ان اخترعت الكتابة والاحرف وبعدها الطباعة الى ان وصل الامر الى يومنا هذا.

يتكون البحث من ثلاثة اقسام ونتائج توصل اليها الباحث، اذ يتناول الفصل الاول انواع الكتابة والاحرف وفي الفصل الثاني نعرج الى انواع الاحرف التى يستعملها الكرد والجهود من اجل تطوير هذه الاحرف وفي القسم الاخير يشار الى المشاكل والمعوقات التى تواجه الاملاء الكوردى وسبل معالجتها وكيفية الوصول الى املاء كردي موحد.

**الكلمات المفتاحية**: الاملاء، الاملاء الموحد، الاملاء الكردي

## پێشەکی

ڕێنووسی کوردی، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم و نۆیەمی زایینی(عیسایی)لەو کاتەی ئایینی ئیسلام هاتە بڵاوبوونەوە لە نێو میللەتی کورد ، لەو کاتەوە نووسین ببووە باو لە ناو کورد، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە گەڵ بەهای زانین و خوێندن و فێرکردن بوو ، بۆیە میللەتی کورد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئایینەکە بێت ،پێویست بەوە دەکات فیری زمان و ئەنجا خوێندن و نووسینەکەی بێت ، تەماشا دەکەین زۆربەی زانا و مامۆستایانی مزگەوت وئەوانەی لەم مەیدانەدا بوون ، هەوڵی فێری زمان و نووسینی بوون، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد پێشتر نووسین و خوێندنی نەبووە ، بەڵی نووسینی هەبووە ، بەڵام ئێمە هیچمان چنگ نەکەوتووە ، ڕێنووسەکەی چۆن بووە، ئەنجا زانینی ئەم بەشە لەلاپەڕەی مێژووی کورد ، ڕێگاو کارەکە ئاسان و خۆش و مەیسەر دەکات ، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو پاك نووسین و ئیملاو ڕێنووسێکی تەواو و پوخت و ڕێکو پیك بدەین وئەنجا زۆر کاری پێویستە ،لە بریار و ڕێکەوتنی سەرجەم زمانزانان و ڕۆشنیرو زمانەوانی کوردی تا دامەزراندنی ئەکادیمیایەك هەڵویست بێ لایەن و لە سەر بنەمای زانستی کوردی دابمەزرێت و کۆمەك بکرێت و هەنگاوی دڵسوزانە وراست بنرێت، ئەمەش یەکێك لە بنەماکانی هەنگاو بەرەو یەکگرتنی ڕێنووس وپاك و راست نووسینی کوردی، گرنگی و بایەخی بۆ نەوەو منداڵانی کورد بۆ لە سەر بناخەیەکی راست و دروست فێری زمانەکەی ببن و ئەمەش ئەو کەلەبەر و بۆشاییەی لە نێو زار و دیالیکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بچووك و تەسك دەکاتەوە.

## کێشەو گیروگرفتی توێژینەوەکە:

هەر هەنگاوێك بۆ راژەو خزمەت تووشی گیروگرفت و ئاستەنگ دەبێت، تویژینەوە لە مەڕ زمانی کوردی گیروگرفتی زۆرە ، یەکێك لەوانە ، کەمی سەرچاوەو ژێدەر بۆ نووسینەوەی هەر باس وتویژینەوەیەك،ئەوەندە باسی ئەدەبیات و زمان و ڕێزمان کراوە ، زۆر کەم لە زمانەوانی کورد ئاوڕیان لەم بابەتە زانستییە گرنگە نەداوەتەوە، بەڵی بەشێك لەو شارەزایانە باسیان کردووە و تویژینەوەیان نووسیوە و کۆر و سیمیناری بۆ کراوە ، بەڵام مەخابن یان چووەتە نێو لاپەرەی کتێب و بڵاوکراوەکان، یان لە هۆڵەکانی سیمینار ئاماژەی بۆ کراوەو لە دواییدا ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانە دەکرێت،پاشان بڕیاری یەکگرتوو سەبارەت بەم باسە نییە، هەر گرۆپێك بە شێوەیەك باسی لێوە کردووە و بە ڕاست و گونجاوی دەزانێت ، سەرەڕای دوور کەوتنەوەی زارو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە یەکتر بە هۆی باروودۆخی میللەتی کورد، کۆسپێکی دیکەیە لە سەر ڕاست نووسینی زمانی کوردی،بوونی چەند ئەلفوبێی کوردی (عەرەبی، لاتینی، سلاڤی)کێشەیەك بەرانبەر یەکگرتنی ڕێنووسی کورد ، بە هۆی فراوانی رووبەری کوردستان و جیاوازی لە بەکارهێنانی ڕێنووسی جیا ،ئاگادار نەبوون لە بەشێك لەو ڕێنووسانە وەك ئەلفوبێی سلاڤی کارەکە ئەوەندەی تر زەحمەت و قورس دەکات،ڕاو بۆچوونی جیاواز و دوور لە بنەمای زانستی هەمووی گیرفت و ئاستەگ و کێشەی بەرانبەر ئەم جۆرە تویژینەوانەن.

**گرنگی تویژینەوە:**

گرنگی ئەم تویژینەوە لەوەدایە کە تیشك دەخاتە سەر بابەتێك ، کە کەم کەس ئاوڕی لێداوەتەوە و باس و ئاماژەی بۆ کراوە ، کەچی بابەتێکی زانستی زۆر پڕبایەخ و گرنگە ، پێویستی بە ئاماژە بۆبکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە گرنگی ئەم تویژینەوە دەخرێتە ڕوو:

أ- ڕۆژانە بووەتە بابەتێکی پێویست، لە سەرجەم بوارەکان بەکاردەهێنرێت، لە بڵاوکراوەکان، ڕۆژنامە،ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر،چالاکی رۆشنبیری و فەرهەنگی و چاپ و وەشاندن.

ب- یەکێتی نووسین و ڕاست نووسین ، ئاسانکارییە بۆ راستی زمان و زمانێکی یەکگرتوو، لە بەر ئەوەی نووسین چەند ڕاست و پوختەو ڕێکوپێك بێت،ئەوەندە هەوڵ وکار ئاسانی و هەنگاو بەرەو زمانێك یەکگرتوو دەدات.

پ- پێشبینی دەکرێت ،ڕاست نووسین جوانییەك و سیمایەك باش و ڕاست بەرانبەر زمان نیشان دەدات، هەوڵێك بۆ نزیك بوونەوەی زارو دیالێکتەکانی زماندا.

ج- یەکێتی نووسین ،واتا ڕاست نووسین ، ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی،کۆکردنەوەی سەرجەم و ڕاهاتن لە سەر کۆمەکی ویەك بڕیاری لە بوارەکانی تردا.

ئامانجی تویژینەوە:

ئەم تویژینەوەیە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەدات:

أ- ناسینی خەوشوناتەواوی و کەموکورتییەکانی ڕێنووسی کوردی وهەوڵدان بۆ چارەسەرکردن وڕاست و پڕکردنەوەی کەلینەکانی ڕێنووس.

ب- بەدیهێنانی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، کە هەموو کۆکن بن لە سەریدا.
پ- ڕێنووسی یەکگرتوو واتا یەکەم هەنگاوە بەرەو زمانێکی یەکگرتوو(ستاندارد).
ج- دانانی یاسایەکی تەواو و تۆکمە بۆ ڕێنووس و ئەنجا بڕیاردان لەسەر ئەو پێشنیازانە لە لایەن ئەکادیمیای کوردستانەوە یان کۆڕی زانیاری کورد وپەسەند کردنی لە لایەن بەرپرسە پەیوەندی دارەکان.
چ- فەراهەم کردن و جێبەجی کردنی لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان، وەکوو(پەروەدەو ئاموزش، رۆشنبیری و میدیاو رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەکان، دەزگا چاپەمەنییەکان،گشت دەزگا فەرمییەکان)
د- ڕاهاتنی قوتابی و فێرخواز و خوێندکاران لە سەر ئەو ڕێنووسە نوێیە و بەکارهێنان لە یەکەم کلاسو خوێندن واتا لە سەرەتاییەوە مندالْ فێری یەك ڕێنووسی کوردی بکرێت.
ە- ئاوات و خەونێکی گەورەیە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و کۆکردنەوەی دیالێکتەکان لە ژێر چەتری زمانی کوردی.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووریتوێژینەوەکە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات ،کە ڕێنووسی کوردی لە سەرەتای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە نێو میللەتی کورد، واتا لە نێوەراستی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم، بە جۆرێکی تر لەدەستپێکی نووسین، ڕێنووسێکی سەرەتایی و ساکار وچاولێکەری سەدا سەدی ڕێنووسی عەرەبی و پاشان هەنگاو بە هەنگاو تا ئەمڕۆ و بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینی لە بیستەکانی سەدەی رابردوو ، پاش حوکمی ئەتاتۆرك لە ساڵی ١٩٢٢ و گۆرینی ئیملای عەرەبی بۆ لاتینی لەو ساڵەوە و ئەنجا ڕەچاو کردنی لە لایەن کوردەکانی باکوور و خۆرهەلات بە حوکمی ئەوەی لە دەسەلاتی ئەو حوکمە بوون.

بەشی یەکەم :

تەوەری یەکەم: مێژووی نووسین

مێژووی نووسین یان بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین شێوەی دەربڕین یان وێنە کردن و هەڵکۆلین دەگەڕێتەوەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی مێژووی بوونی مەردووم لە سەر گۆی زەوی ، هەر لەو کاتەوە هەوڵی داوە ،سەرجەم چالاکی و ئازایەتی خۆی دەرخات و گەڕاوە بە دوای شێوازێك بۆ ئەو دەربڕینە، کە بتوانی سەربوردەی خۆی بۆ ئێستا و نەوەکانی ئایندە بگێڕێتەوە ، سەرەتا لە ناوچە شاخاوێیەکان و ئەو شوێنانەی بەرد و ڤایەی لێبووە، هەڵکۆڵینی داهێناوە ، وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی دەربڕێن و گفتۆگۆ و موحاکاتی خۆی بۆ کەسانی تر،بۆیە دەستی داوەتە هەڵکۆلینی تاشە بەردو وێنە سادەو ساکاری کردووە،وەك ئەوەی بونیادەمی هەڵکۆڵێوەو بەسەر سکی شێرێکەوەیە، ئاماژە بۆ قارەمانیتی و زەبرو ئازایەتی بەسەر دڕندەترین گیانلەبەری سروشت ، یان دارێکی بە دەستەوە بووە ووەك رمێکی سادەو لە سکی مرۆڤێکی تری چەقاندووەو مرۆڤەکە لە سەر پشتی زەوی کەوتووەو گیانی داوە، ئاماژە

به سەرکەوتن و دلیرایەتی بەسەر دوژمنانی ،لە راستیدا ئەم جۆرە هەڵکۆلینە ،دوو ئاراستەو پەیامی پێیە، یەکەمیان ،بۆ دڵ نەوایی و ئارامی خۆی ، کە سڵ لە هیچ بوونەوەرێك ناکاتەوە، چونکە مەردووم لە سەرەتا لە زۆر گیانلەبەر دەترسا، توانای نەبوو رووبەرووی ئەو زلهێزانە بێتەوە ، بۆیە دەبینین هەمیشە لە ترسی ئەو گیانلەبەرانە پەنای دەبردە بەر ئەشکەوت و تاشەی بەردو شوێنە سەختەکان بۆ ئەوەی خۆی و ماڵ و منداڵی لە هێرشی ئەو دڕندانە بپارێزێت، دووەمیان پەیام ونامە بۆ نەوەکانی ئاییندە بووە، کە ئەوان ئازاو قارەمان و دلێر بوونەو ئەمەش بەسەرهات و داهێنانیان بووە.

ئەمە لە شوێنە شاخاوی و سەختەکان، لە ناوچە دەشتی و بیابانەکان ، کاخەزی بەردییان داهێنا بۆ نووسین لە سەری و وێنەکردن بۆ دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکانیان، وێنە کردن جۆری، گوزارشت ، بەڵام روون نییە وێنە کردن پێش هەڵکۆلین بووە یان هەڵکۆلین، ئەوەی گرنگە هەردوو داهێنانە، کە شێوازی دەربڕین و گۆزارشت بووە، بەڵگەش پاشماوەو شوێنەواری بابلی و ئەکەدی و سوومەری لە باشووری عیراق و وێنەو هەڵکۆلینی فرعەونییەکان لە سەر کاخەزی بەردی و ناو ئەشکەوتی فرعەونییەکان لە ئەهرامەکانی میسر، یان پاشماوەی باپیرەی چینییەکان لە سەر جۆرە کاخەز و قامیشی تایبەت .

مێژوو بۆمان دەگێرێتەوە ، کە مرۆڤ داهێنانی زۆری هەبووە، پێش ئەوەی نووسین بێتە ئاراوە،وەك ژیانی بە کۆمەڵ و پەنا بردنە بەر دارستانە چرو ئەشکەوت و شوێنە سەختەکان بۆخۆپارستن و ئارامی و ئەنجا وێنە کردن لە سەر دیواری ئەشکەوت و پەرستگاکان یان هەڵکۆلین بۆ گوزارشت لە بەسەرهات و نەبەردییەکانی.

تەوەری دووەم: مێژووی ڕێنووسیی ئارامی (عەرەب)

میژوو ئەوە دەگێرێتەوە، کە سامییەکان باپیرە گەورەی عەرەبەکانن،لە کۆندا، شەپول شەپول بەرەو باکووری یەمەن کۆچیان کردووە ولەوێ گێرسانەتەوەو سەرەتا ئەکەدییەکان هاتۆنەتە وڵاتی میزۆبوتومیا (عیراق)ی ئێستاو پاشان بابلی وئەنجا ئاشورییەکان روویان لەو ناوچەیە کردووە،کەنعانی و فینیقییەکان روویان کردۆتە دۆڵی نیل و لێواری دەریای سپی ناوەڕاست.

بابلییەکان کە شاری بابل(حلە)ی ئێستایان بونیاد نا، داهێنانیکی گەورەیان ئەنجامدا ، ئەویش نووسینی (میخی- بزماری)و میسرییەکانیش بە هەمان ڕێچکە نووسینی(هیرۆگلیفی)یان داهێنا،کە بریتی بووە لە پێنج سەد وێنەی جۆراوجۆر و لە هەر چوار لاوە دەخوێندراو دەنووسرا.

دەربارەی پەیدابوونی (ئەلفوبێی) عەرەبییەوە گەلی بیروڕای جیاواز هەیەو یەکێکیان دەیباتەوە سەر هەردوو پێغەمبەر (ئادەم)یان(ئیسماعیل) ی پێغەمبەر ، بیروڕای تر پیی وایە ئەلفوبێی عەرەبی دەچێتەوە سەر (موسنەدی حیمیەری) ، کە لە خەتی بزمارییەوە دایان هێناوە.(نەریمان، ١٩٨١، ل٧)،(Neriman, 1981, p7).

ڕای تر چەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسینی عەرەبی لە ئەلفوبێی(نبتییەکان)ەوە

وەرگێراوە، کە کاتی خۆی لە سەر خاکی حۆران ژیاون و پایتەختیان شاری(بەترا) بووە، ئەو نبتییانە فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووەو زاڵ بوونە بە سەر ناوچەی ئارامییەکان و پەیوەندی بازرگانی لە گەل رۆم و میسرییەکان بەستووەو هۆزی قورەیشی ناوچەی مەککە کە لە نێوان یەمەن و شام بازرگانیان کردووە،لە نبتییەکانەوە فێری نووسین بوونەو سوودیشیان لە خەتی موسنەدی حیمیەری بینێوەو لە رێگای هەردوو ئەلفوبێیەکە نووسینێکی نوێیان بۆ کاروباری خۆیانداهێناوەو ناویان لێناوە ( نووسینی حیجازی).

لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە کە ( حەرب کوڕی ئومیەی عەبد شمس) یەکەم کەس بوو ،لە وڵاتی حیجاز نووسینی داهێناوەو پاشان ئەبو سفیان و جێ نشینەکانی پێغەمبەر فێری خوێندن و نووسین بوونە (نەریمان، ١٩٨٢، ل٩)( Neriman, 1982, p9 ).

بە پێی ئەوەی باس کرا، زمانی هۆزی قورەیش کە گەورەترین هۆزی ناوچەکە بوو ، لە رووی دەسەڵات و بازرگانی وهێزەوە، بۆیە سەیر نییە زمانی قورەیش ببێتە زمانی یەکگرتووی عەرەب و زمانی قورئانی پیرۆز، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان قورئان بە ئەلفوبێی حیجازی نووسراوەتەوەو خاڵبەندی و سەروبۆر نەبووە، لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالیب نووسینی کوفی داهێنرا ،کوفە شارێکی خوارووی بەغدایە ولە رۆژگاری جینشین عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە پایتەختی موسڵمانەکان .

لە سەردەمی ئەمەوییەکان ئەبوئەسوەد دوئەلی خاڵی لە سەر پیتەکان دانا کە لەمەو پێش نەبوو، لە رۆژگاری عەباسییەکان ولە سەر دەستی خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی سەروبۆر بۆ پیتەکان داناوە تەوەری سێیەم

مێژووی ڕێنووسی (ئەلفوبێی) کوردی

مێژوونووس و شوێەوار ناسەکان دەریان بڕیوە لە کوردستان پێش دەهەزار ساڵ لە (قەڵای چەرمو) یەکەم گوند دۆزراوەتەوە کە کشتوکاڵی لێکراوەو ٢٦٠٠ پ.ز لە ئەشکەوتی (قزقاپان) و(شانەدەر) شوێنەواری مرۆڤی نایەدرتاڵ دۆزراوەتەوە ،بەمەش وا دەردەکەوێت کە شارستانیەت و داهێنان لە کوردستانەی خۆمانەوە سەری هەڵداوەو گەشەی کردووە.

گوتی و میدییەکان (ماد) ،کە باوکە گەورەی میللەتی ئێستا کورد دەژمێردرین، شارستانییەتی مەزنیان هەبووەو بەتایبەتی ماددەکان کە پاش گوتییەکان هاتۆن،قەڵەم ڕەویان زۆر بڵاوبۆتەوەو وحوکمی ناوچەیەکی فراوانیان کردووەو داهێنانی گەورەیان ئەنجام داوە، یەکێك لەو داهێنانانە ، بابەتی نووسین بووە، خاوەن نووسینی تایبەتی خۆیان بووە، هەندێك پێیان وایە (ئاتەش گەدە) ئایینی ئاویستاوی بەو ڕێنووسە نووسراوە، بەڵام ئەو نووسینە چۆن بووەو شێوازی چۆن بووە، ئەوە زانیاری وردو دروست لە بەردەست نییە ، لەبەر ئەوەی پاش رووخانی ئەم دەسەڵات و حوکمە ، نووسین و ڕێنووسیان تیاچوون و نەماون، بەڵام راستتیەك کە حاشا هەڵنەگرە ئەویش ماددەکان نووسینی تایبەتی بە خۆیان هەبووە وزۆر دەستنووس بەو نووسینە ئەنجام دراوە ،بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرێت ، کە هێچ شتێکی ئەوتۆ لە پاش نەمانیان نەماوە.

له دەوروبەری سەدەی دەیەمی پێش زایین کەسێك بە ناوی ( ماسی سۆرات) جۆرە پیتێکی داهێناوەو لەو رۆژگارەدا شتیان پێی نووسیوە، ئەو پیتانەش لەو پیتانە دەچێت کە لە سەدەی شەشەمی پ.ز ئاویستای پێ نووسراوەتەوە. (نەریمان، ١٩٨١، ل١٢)،(Neriman, 1981, p12) گوایە (سەیید حۆسین) موریدی (شێخ عەلادینی بیارە) لە ناو کوپەیەکی هەرزندا سێ پارچە نووسینی دۆزیوەتەوە لە سەر پێستی ئاسکدا بە زمانی پەهلەوی و بە پیتی ئارامی نووسراوەتەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٥٨ پ.ز،لە شاری (سنە) ش گوایە قورئانێك پارێزراوە بە خەتی کوفی نووسراوە.

بەشی دووەم : جۆر و شێوەکانی ڕێنووسی کوردی

تەوەری یەکەم : ڕێنووسی کوردی بە ئەلفو بێی عەرەبی (ئارامی)

کورد هێچ هەڵبژاردەیەکی لە پێش نەبووە، بۆ دەستکردن بە نووسین و خوێندن ، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەلفوبێی عەرەبی (ئارامی) بکاتە بناخەی ڕێنووسەکەی ، بە تایبەتی لەو کاتەی ئایینی ئیسلام لە نێو میللەتی کورد تەشەنەی کرد و بووە ئایینی زۆربەی کورد.

بۆ ساخ کردنەوەی ئەوەی لە کەیەوە کورد دەستی داوەتە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی و کەی کەوتۆتە سەر ئەوەی بەو پیتانە بنووسێت هێچ بەڵگەیەکی زانستی نییەو هێچ شتێکی ئەوتۆ دەست ناکەوی، ئەو نووسەرانەی دەربارەی ئەوە نووسیویانە کە لە کەیەوە کورد دەستی بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی کردووە ، روون و ئاشکرا نییە،تاریك و تەماوییە، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی زانستی بە دەستەوە بێت ، بێ سێ و دوو ، ئەوە ئاشکرایە کە کورد لە گەڵ باوەڕ هێنانی بە ئایینی ئیسلامەوە و بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کوردا ئەلفوبێی عەرەبی هاتۆتە ناو کورد و کورد بە دانسقەو داهێنان هەوڵ و کوششی خۆی دەستکاری کردووە و بەرە گەشەی پێدراوە تا گەیشتۆتە ئەوەی ئێستاکە پێی دەنووسین ، بەڵام چۆن و بۆچی کورد ئەو ئەلفوبێیەی فەراهەم کردووەو ئایا کورد پێش ئەوە ، ئەلفوبێی تری نەبووە ، گۆمان لەوەدا نییە کورد دەبێت ئەلفوبێی هەبووە ، باپیرانی کورد لە گوتی ومادییەکان ڕێنووسیان هەبووە ، چونکە خاوەنی شارستانیەت و قەڵەم رەو پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا هەبووە ، بەڵام چۆن بووە ، لەوانیە لەم لاو ئەو لا هەندێ بۆچوونی جیاواز هەیە و شتی ئەوتۆش بڵاوکراوەتەوە بە بێ هیچ گۆمان تەنیا بۆچوون و دڵسوزی کوردە بۆ میللەتەکەی ، بەڵام ئەگەر رۆژێك لە رۆژان تۆژینەوەو شارستانی و ئاستی شوێنەوار ئاوڕی باشی لێبدرێتەوە ، ئەوا لە سەدا سەد زۆر شتمان بۆ روون دەبێتەوە و هەندێك زانست و زانیاری سەبارەت بە مێژوو و نووسیی باوباپیرانی کوردمان بۆ ئاشکرا دەبێت و هەندێك زانیاری نوێ لە بارەی ئەلفوبێی ئەو سەردەمانە هەڵدەکرێنین، ئەلفوبێی عەرەبی بە چی رێگایەك بەو شێوەیە لە ناو میللەتی کورد بڵاوبۆتەوە ، کورد کە بە ئارەزووی خۆی پێشوازی لە ئایینی ئیسلام کرد (جێی گفتوگۆیە/تویژژەر) پێویستی بەوە بوو، فێری کۆڵەگان و بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت ، چۆن نوێژ بکات و ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان پێغەمبەر چۆن حاڵی بێت و لێی بگات ، دەبووایە قورئان بخوێنێت ، بۆ ئەم مەبەستە ناچار فێری خوێندن و نووسینی ئەو ئایەت و فەرموودانە بوو ، سەرەتا لە پێشرەوو مامۆستایانی

ئايين دەستی پێکرا ، بەڵگەش تا پێش ٥٠ ساڵ لەمەوبەر خوێندەوار لە کوردستان تەنیا مەلا و مامۆستایان ئایین بوون و لە گوندا تەنیا خوێنەوار هەر مەلا و شێخی گوندەکە هەبوو، پاشان رۆ لە پاش رۆژ خوێندەواری تەشەنەی کردو ئەمە وای کرد ئەلفوبێی عەرەبی زۆر زوو لە ناو میللەتی کورد بلاوبێتەوە.

بەڵگەش کۆنترین پاشماوەی نووسین کە گەیشتۆتە دەستمان ، هونراوەو شیعرەکانی شاعیر (بابا تاهیری هەمەدانی٨٣٥- ٩١٠) کە ئەو سەردەمە بوو کە ئایینی ئیسلام لە ناو کورد بلاو بوەتەوە ئەم ئایینە لە دەوروبەری سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینی بلاوبووەتەوە ، بۆ زیاتر چەخت کردن لە سەر ئەم باسە ، مامۆستا عەلائەدین سەجادی پاش باسێکی ماد و هەخامەنشینی و ساسانی و هاتنی ئیسلام بۆ ناو کورد دەڵێت ((داهاتنی ئەم پیتانە بەرانبەر بە زمانی کوردی مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ (١٢٠٠-١٢٥٠) ساڵ پێش ئەم رۆژە )). (سەجادی، ١٥، ل١٩٦٠)( Segady, 1960, p15).

هەر بۆ ئەم مەبەستەش د. جمال نەبەز نووسویەتی: (( ئاشکرایە پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بنجی خۆی دانا ، کوردەکانیش وەك فارسەکان دەستیان بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی زمانەکەیان کردووەو ئەو ئەلفوبێیە بلاوبووتەوە (نەبەز، ١٩٧٦، ل٧٨)( Nebez, 1976, p78).

بەلام کۆنترین دەستنووس و چاپکراوی کوردی، ئەوە دەسەڵمێنیت کە نووسەرانی کورد،وەك فارسەکان بۆ هەندێك لەو دەنگە کۆنسۆنانتانەی لە زمانی عەرەبیدا نەبوون و لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نیگاریان بۆ نەکراوە،بە دانانی سێ خاڵ لە سەر و ژێری پیتەکان ،وەك (پ ، چ ،ژ ، ڤ )یان دانانی هێڵێك وەکوو(گ ) چاریان کردووە، بە نموونە ئەو دەستنووسەی کە ساڵی (١٨٥٨-١٨٥٩)ی مەلا موحمووودی بایەزیدی بە ناوی ((عادات و رسوماتنامەی أکرادیە))نووسیویەتی تێیدا ئەو پیتە کۆنسۆناتنانە کوردییانە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نین دەست نیشان کردووە.بە وێنە بڕوانە (ل١٩٦،د١٤پردە)،(ل١٩٦،د٢ کچی)، (ل١٩٦ ،د٣ دبیژن)، (ل٢٠١،د٢ مروڤی) ، بە هەمان ڕینووس چاپکراوە پیتەکانی (پ،ژ،چ،ڤ، گ)تێدا بەکارهێنراوە، بۆ نموونە وەك ( ژ١،ل١پازدە) ،(ژ١ل١ ،د١٢، پیغمبر) ،( ژ١، ل١، د١٣، روژا)، (ژ١،ل١، د٥، گوند).

دوای ئەو پلەیە ئەوەی لە دەستکاری کردنی ئەو ئەلفوبێیەدا دەبینرێت ، ئەوەیە کە نیگاری (ە)و (ی) و (و) بۆ سەرو ژێر بۆر بەدی دەکری، دەستنووسی ژمارە (٤٨) ی کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کوردە، ئەم دەستنووسە ساڵی ١١٩٩ ی ك ، واتا ١٧٨٤-١٧٨٥ ز لە لایەن سەعید عەبدوڵلا موکرییەوە نووسراوەتەوە، دوای تەماشاکردنی ئەو دەستنووسە ئەوە دەردەکەویت کە وتەکانی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی کە دەڵێت ئەوەی لەم نوسخەیەدا جێگای سەرنجە رێنووسی دەسخەتەکەیە، هەندێ جار نیشانە تایبەتییەکانی رێنووسی ئێستای کوردی ، وەك( ە ،ی ، و) سەروژێر بۆر بەکارهێنراوە ، پڕ بە پڕ لە گەڵ واقیعی ئەم کارەدا یەك دەگرنەوە.

هەروەها مامۆستا قەرەداخی دەڵێت وەنەبێ هەمیشە ئەم نیشانانە بنووسێ ، بەلکو گەلێ جار نیشانە هەر دیار نییە و لە زۆر شوێندا پەنا بۆ سەر و ژێر و بۆر دەبات (مارف، ١٩٨١، ل٧٠)( Marif, 1981, p70).

سەرچاوەییەکی زۆر گرنگی تر ، کە ئاماژەی بۆ نیگارەکان کردووە وبەکاری هێناوە، ڕۆژنامەی (کوردستان) ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ،لە زۆر شوێن و ژمارەکانی ئەم نیگارانەیان پیادەکردووە.

ئەگەر ئاوڕێك لە نیگاری (ە)و (ی) و (و) لە بریتی سەرو ژێر و بۆر کەمێك بەکارهێنراوە ، بە وێنە لە (عادات و رسومەتنامەی اکرادیە) ی مەلا مەحموودی بایەزیدی هەندێك جار ئەو نیگارانە بەکارهێنراوە بەڵام زۆر بەکەمتر لە دەنگەکانی تر بە نموونە وەك (ل٢٠٢ د ٦ بونە)(ل٢٠١ ل د١٢ کورد).

ڕۆژنامەی ( کوردستان)ی یەکەم ڕۆژنانەی کوردی، ئەم نیگارانەی پیادە کردووەو لە زۆر شوێن و ژمارەکانی ڕەچاوی کردووە و هەندێك جاریش فەرامۆش کراوە.

هەر ئاوڕدانەوە لە بەکارهێنانی نیگارو دەنگە کوردییەکان تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕۆژنامەی ( ژین) ی ئەستەمبۆڵ دەنگی کوردی بەکارهێناوە ،وەك( ێ ) لە ژمارە١٩ ی مایسی ١٩١٩ لە وتارێکی داوەر ئەردەڵانی بە ناوی چۆن بکۆشین) لە ل١٦ نیگاری(ێ) بەکارهێناوە ، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆناکبیرانی کورد هەر لە زووەوە هەوڵیان داوە دەنگ و نیگاری کوردی بەکاربهێنن ، لەو ژمارەیەدا لە هەندێك شوێن وەکوو( ئەمرد ، ئەمانە).

جێی وتنە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ( کۆمەڵەی گشتی کردنی خوێندەواری و چاککردنی ڕێنووس) ی کۆمەڵەی (هیڤی) ئەستەمبۆڵ (١٩١٣) گرنگی و بایەخێکی چاکیان بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕێنووسی کوردی دابوو، ئەو بەرهەمەی لەم بارەیەوە هێنابوویانە ئەنجام،ئەلفوبێیەك بوو ، لەسەر بناخەی پیتەکانی زمانی عەرەبی و هەشت پیتی نوێیان بۆ زیادکردبوو، پیتەکانیش سەر و بۆر و ژێر و واوی کراوە و واوی درێژ وبێی لار و دیفتۆنگی (وێ) بوون.

پاش یەکەم جەنگی جیهانی هەوڵ و کوششی زۆر درا بۆ گەشەکردنی ڕێنووسی کوردی ، بە تایبەتی لای ئەو گەریدەو ڕۆژهەلاتناسانەی سەردانی کوردستانیان کردووە و لێکۆڵینەویان لە سەر زمانی کورد یادداشت کردووە، یەکێك لەم هەنگاوانە ، دانانی چوکلە لە سەر ( ل) ی قەڵەو ، بۆ نموونە لە (ئینجیل یوحەننا) ساڵی ١٩١٩ بەرچاو دەکەویت ، (ل١،دێڕ٨-بڵا) ،یان لە (ئینجیلی مەتی) (ل٨، دێڕ ٦، بڵێ) .

لە ناوەڕاستی نێوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی نوێ لە مێژووی گەشەسەندنی ڕێنووسی کوردی دەستی پێ دەکرێت، پاش قوول بوونی هەستی نەتەوایەتی لای میللەتی کورد و بزوتنەوەی خەباتی کورد، یەکێك لە و هەوڵ و کوششانە ، ئەوەی گۆڤاری ( دیاری کوردستان ١٩٢٥-١٩٢٦) بوو ، ژمارەیەك نووسەر هەوڵی چارەسەری کێشەی ڕێنووسی کوردیان دا و لە چەندین ژمارەی ئەو گۆڤارە بابەت و وتاریان بڵاوکردەوەو وەکوو( تۆفیق وەهبی ، حەقی شاوەیس ، حەسەن کوردستانی ، پیروت ناوێك).

دەبێت رۆڵی هەر یەك لە مامۆستایان ( سەعید سدقی کابان و تۆفیق وەهبی) فەرامۆش نەکەین ، کە دڵسوزانە کوششیان کردووە بۆ ڕاست نووسینی ئەلفوبێی کوردی ، کابان لە کتێبی موختەسەری سەرف و نەحوی کوردی ١٩٢٨چەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پیتە کوردییەکان(٢٨) پیتە عەرەبییەکن لە گەڵ هەشت پیتی کوردی ، کەلە عەرەبییەکەدا نین و دەکاتە (٣٦) پیت، تۆفیق وەهبیش لە کتێبی رێزمانی زمانی کوردی هەوڵی زیاتری داوە و بۆ هەندێك پیتی کوردی نیشانە و نیگاری داناوە.

مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی هەوڵی زۆریان داوە و بە تایبەتی کاتیك گۆڤاری (گەلاویژ) ی بەغدا چاپی ١٩٣٩-١٩٤٩دەرکرد و لە ویدا لە سەرەتای یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا ،م. ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت ((ئەوی راست بێ من خۆم لە دەرهێنانی یەکەم ژمارەی ( گەلاویژ) دەوە مەسەلەی یەکخستنی نووسینی و بە تایبەتی نووسینی پیتی( ل ، و، ی) ی کوردیم وەکوو قورتێکی گەورە بەرنگار بووم کەوا بە بێ لابردنی ماوەی پێشکەوتنی خوێندەواری لە ناو کوردا زۆر تەنگ و تەسك بوە، بە بیرم هات بۆچی تەقەلایەك نەدرێ ، لە ئەو ئیشارەتەی ( V ) خەڵك لە خۆیانەوە بریاریان داوە لە سەر پیتی ( ل ، و، ی) پیتی تایبەتی بۆ دانەرێژرێت لە چاپدا، (مارف، ١٩٨١، ل٩٠)(Marif, 1981, p90).

ئەوەمان بۆ روون بووەتەوە ،کە ڕێنووسی کوردی دەمێکە نووسەر و زمانەوانی کورد کێشەی چۆنیەتی نووسینی زمانەکەیان لە بەر چاو گرتووە و هەوڵی نەهیشتنی گیروگرفتەکانیان داوە تا لە سەرجەم کێشەکان رزگاری بکەن و بگەنە ڕاست و دروست نووسینی ئیملای کوردی ،

بەڵام نووسینی کوردی و ڕێنووسی کوردی تا ئەمرۆش لەو کەم و کورتییانەو خەوش و ناتەواوییەکانی رێنووس بە ئەلفە بێی عەرەبی رزگاریان نەبووە و هەرڵە هەوڵکان بێ وچان بەردەوامە بۆ خزمەت کردنی لە دێرین زەمانەوە بەردەوامە تا رۆژی ئەمرۆمان،

مامۆستای خوالێخۆشبوو حەمەی مەلا کەریم ئەویش دریخی نەکردووە لە خزمەتی کردنی ئەو بابەتە و لە ساڵی ١٩٦٧ لە چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (برایی) زنجیرە وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و لە گەلی سەرەوە لە بابەتی ئەلفو بێێ کۆڵیوەتەوە و ڕای زانستی و دروستی نیشان داوە (مەلا کەریم، ١٩٥٧، ژ٧)(Mela Kerim,1957, p7).

مامۆستاتاهیر سادق ساڵی ١٩٦٩ لە شاری کەرکوك کتێبی ( رێنووس –چۆنیەتی نووسینی کوردی) بڵاوکردەوە و تیدا ژمارەبەك گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی باش چارەسەر کردووە.

پاش ئەمانەش هەنگاوی زۆر نراوە بۆ بژارکردن و خاوین کردنی ئەو کەم وکورتی و ناتەواوییانەی لەو ئەلفوبێیەی ، کە نەك بۆ کورد بەڵکو بۆ عەرەبەکانیش زۆر کەم و کورتی تێدایە، تەنانەت دوا بە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دڵسوزانەو خەمخورانە کاری باش کرا و هەوڵەکان چوونە ناو ئەو دەریایەی پیشتر هەوڵی بۆ درابوو، ژمارەیەك کتێب و پەرتووك و کۆنفراس و کۆنگرە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام درا و تا ئەو کاتەی بەشێك لە نووسەر ە بیرمەندانەیلە پارچەکانی کوردستان پەنایان بردە بەر رێنووسی لاتینی لە بری ڕێنووسە ئارامییەکە بۆ ئەوەی لەو کێشەبەرەی ئەم ڕێنووسە رزگاریان ببێت.

تەوەری سێیەم :ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی :

زۆر لاپەڕە لە مێژووی کورد تا ئەمرۆ لێڵ ە تەماوییە و روون نییە ، تۆژینەوە و دیراسات و لێکۆڵینەوەی توکمە وزانستی لە سەر نەکراوە ، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانە بە هەڵپەسیدراوی ماونەتەوە، یەکێك لەو تەوەرانە ڕێنووسی کوردی ، ئەنجا لێرەدا مەبەستمان ، مێژووی ڕێنووسی کوردیییە چ بە ئەلفوبێی عەرەبی و چ بە ئەلفو بێی لاتینی، بەڵگەنەویستە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو هاتە نێو میللەتی کوردەوە ، کاتیك كۆماری تورکیا دامەزران لە سەر دەستی کەمال ئەتاتورك لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو،ئەو پیاوە زۆر خزمەتی پێشکەش بە تورکەکانی کۆمارە تازەکەی کرد، لەو دەستکەوتانەی هێنایە دی، گۆرینی ڕێنووسی تورکی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی ، ئەم هەنگاوە شۆرشیکی مەزن بوو ،بریاری دا ،هەرچی کتێب و دەستنووسی ئەو کاتە بکرێتە ئەلفوبێی لاتینی و هەر بە پەلە لیژنەو دەستەی زانستی دامەزرا و سەرقاڵی چاپکردنەوەی ئەو گەنجینانە بوون و لە هەمان کاتدا فەرمانی دەرکرد ، کە ڕێنووسی قوتابخانەو خوێندنگاو فەرمانگەو زانکۆکان بکرینە لاتینی، ئە م هەنگاوەش راستەوخۆ میللەتەکانی ژێر دەسەڵات و قەوارەی تورکیا ناچار کرد ، کە لەسەر ئەم ڕێبازە بڕۆن و میللەتی کوردی باکووری کوردستان دەستیان دایە ڕێنووسی لاتینی ، واتا بە ماوەیەکی زۆر کەم ڕێنووسەکە گۆرا و بەشێکی زۆر کورد لە کوردستانی باکوور و رۆژئاوا بەم ڕێنووسە کاریان کرد و پێیان باشتر بوو ، کە ئەم ڕێنووسە، گونجاوتر و لەبارترە بۆ نووسینی دەنگە کوردییەکان و خەوش و ناتەواوی کەمترە لە گەل ئەلفوبێە عەرەبییەکە.

ئەلفوبێی لاتینی – تورکی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی تورك بوو، لە ساڵی ١٩٢٤ کاتیك دەوڵەتی ناسیۆناڵی تورك دامەزرا، ئەو ئەلفوبێیە بە سەر گەلانی تورکیادا سەپیندرا ، ئەم ئەلفوبێیە بۆ یەکەم جار لە لای کوردەوە لە گۆڤاری (هاوار) چاپی سوریا ١٩٣٢-١٩٤٣ لە لایەن جەلادەت بدرخان دەرکەوت.

لە گەل ئەم ئەلفوبێیە دیالیکتی ئەستەنبۆل کرایە زمانی ستانداردی تورکیا( زمانی ئەدەبی یەکگرتووی تورکیا) و بەم هەنگاوە حکومەتەکەی کەماڵ ئەتاتۆرك زەبرێکی کوشندەی لە گەلانی ژێر چەتری ئەو دەوڵەتە دا وهەموو نەتەوەکانی نێو تورکیا ی ناچار کرد ، کە بەر قراری ئەو ئەلفوبێیە ببن، ((لە نیسانی ساڵی ١٩٢٤ ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانی تورکیا یەکەمین دەستووری تورکیای پەسەند کرد و بە پێی ماددە ی دووەم هاتبوو ( کە زمانی تورکی بە تاکە زمانی رەسمی و دانپێدراوی تورکیا دانرا) ، هەر زوو بە زوو زمانی تورکی سەپیندرا بە سەر گەلی کورد و بە بیانوی شارستانی بکرین ،دەبو فێری زمانی تورکی بکرین و دەست لە زمانی رەسەنی خۆیان هەڵگرن و فەرامۆشی بکەن، (سابیر، ٨٠، ل٢٠١٤)(Saber, 2014, p8).

بەشی سێیەم:

تەوەری یەکەم: پێشدەست

لە نووسینی زمانی ئینگلیزی، زۆر گیرۆگرفت و کێشەی ڕێنووس هەیە ، کە تا ئەمرۆ چارەسەری بۆ نەکراوە ، هەر بە وێنە ئەم وشانە (rite- write-right-wright (هەر چوار وشەکە بە (رایت)

دەخوێنرێت و ماناو نووسینیان جودایە ، دەنگی (gh) لە وشەکانی (wright-right- light-bright) هیچ نانوێنن وسەرجەم بە دوا دەنگی وشەکان کە (ت) دەخوێندرێت و ئەو (gh) هیچە واتا نرخی سفرە و دەیەها دەنگی تر وەکوو(ش)لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێنج جۆر دەنووسرێت ( - -s- sh- tio hc)وەکوو وشەکانی (she- sugar- staion- mission- machine) نەك کەموکورتییەکان لێرەدا کۆتایی هاتبێ، بەلکو سەدەها کێشەی ڕێنووسی تر وەك دەنگی (ژ) لە فۆنەتێکی زمانی ئینگلیزی نییە بەڵام بە هۆی کارتێکردنی زمانی فەرەنسی بەسەر زمانی ئینگلیزی لە سەردەمی (چوسپەر و شەکسپیر) ئەو دەنگە هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە ، بێ ئەوەی نیشانەی بۆ دابنرێت ، بەلکو چەند دەنگێك پێکەوە بەو دەنگە دەردەبڕێت (sure) وەك(plesure- treasure).

((زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی جیاوازییان زۆرە، چی لە رووی جۆری دەنگەکانیانەوەو چی لە رووی پێوەندی ڕێنووسیانەوەبە قسەوە، ڕێنووسی ئینگلیزی زۆر شێواو ولێڵ وبێ یاسایە و بێ سەروبەرەییە سەیری ئەم نموونانە بکە ،دەنگی ف بە سێ جۆر دەنووسرێت ( -f- gh ph)وەکوو(elephant-yought- knife)ولەو وشانە( -too- twothrew- clue- through shoe)هەموویان بە دوو واو دەخوینرێتەوەو بە هەزاران نموونەی تر (امین، ٢٠١١، ل١٠٨)( Amin, 2011, p108).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ، مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی تا ئیستاکە سەرقاڵی چارەسەری ئەم کەموکورتیانەن، پەیمانگای پاریس ئەلفوبێیەکیان بۆ زمانەکە دانا تیایا هەر دەنگێك یەك پیتی یان نیشانەی هەبێ ، ئەمە زۆر سوود بەخش بوو، ئەمەش تا رادەیەك بۆ زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی پەیرەو کرا تا زۆربەی زمانە ئەوروپییەکانی گرتەوە، هەرچەندە هەوڵی زۆری تر درا بۆ چارەرێگا ، بەڵام هەمووی لە بواری تیۆرە مانەوە.

لە زمانی عەرەبیدا، کەموکورتی زۆر هەیەو تا ئێستاکە چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، بە وێنە لە زمانی عەرەبیدا تاکۆ ئەمرۆ وشەی (الرحمن)بە دوو شێوە دەنووسرێ، (الرحمن، الرحمان) و دەنگە ئەوروپییەکان لە نووسینی عەرەبی بووەتە کێشەیەکی گەورە ، چونکە لە زمانی عەرەبی بەشێك لەو دەنگانە بوونیان نییە وەك (چ،ژ، ڤ،پ،گ)و دەیان دەنگی تر، بە نموونە دەنگی (چ) بە چەند شێوەیەك و بە پێی بۆچوون و میزاجی نووسەرەکە ( تش ،ج ).

بۆیە هیچ ڕێنووسی زمانێك یان کۆمەڵێك زمان نابینێ ، بێ کوموکورتی و کێشە و ناتەواوی نەبێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە گەر تەماشای ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی بکەیت ، گەر بەراورد لە گەل ڕێنووسەکانی دیکە بەکەیت ، ئەوا دەبینرێ ، کێشەکان زۆر کەمن و ئەوەنین کە جێی سەرنج و گرنگی بێت، بەڵام دەبێ چارەسەرێ بۆ دابنرێت و کێشەکان لە ناو ببرێن.

تەوەری دووەم :خەوش و کەم و کورتی و ناتەواوییەکانی ڕێنووسی کوردی

گیروگرفتەکای ڕێنووسی کوردی:

هەرچەندە هەوڵوکوششی مامۆستا و زانایانی کورد و کوردستان لە بواری چارەسەرکردنی کێشە ناتەواوی و خەوشی ئیملاو ڕێنووسی کوردی تا رۆژی ئەمرۆمان بەردەوامە و بەشێکی زۆری

چارەکراوەو جێی خۆی لە نووسینی کوردی کردۆتەوە ،کەچی لە گەڵ ئەوەشدا ئەو ئەلفوبێیەی ساڵەهای ساڵە خزمەت دەکرێت ، هیشتا گیروگرفت و خەوش و ناتەواوی زۆری ماوەو چاوەروانی دەست و خامەی دڵسوزانەی زمانی کوردییە بۆ چارەسەرو نەمانی ئەو کەم وکورییانەی هەن ،زۆر بە داخەوە تا ئێستاکە ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی نییە ، جا بۆیە هەر یەکێك لە ئێمە بە جۆرێك دەنووسێت ، راستە هەڵە زۆرە و هەوڵ بۆ چاککردنی ئەو هەڵانە دراوە، بەڵام هەوڵ و کوششەکان ، تاکە کەس پێی هەڵدەستێت ، بەڵام هەڵەی زۆر هەیە، ئەمەش بە کاری تاکە کەس وتاکە هەوڵ ناکرێت ، دەبێت دەزگایەکی زانستی بێ لایەن و خەمخۆر و دڵسوز پێی هەلسێت و ڕێگا چارەی بۆ دابنرێت ، هەرچەندە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی تا رادەیەك چارەسەری ئەم خەوش و ناتەواوییانەی کردووە و لە زۆر کێشە رزگاری بووە ، کەچی ئەلفوبێیە عەرەبییەکە زۆر خەوش وناتەواوی ماوە.

مامۆستا تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس — چونیەتی نووسینی کوردی) زۆر بە جوانی گەلێك گیروگرفتی رێنووسی کوردی چارەسەر کردووە ، لە هەمان کاتیشدا زنجیرەیەك کەم و کورتی بەحی هێشتووەو هەڵەی گەورەی کردووە، بە وێنە ئەو (ك) و (گ) انەی دەکەونە پێش دەنگی (ی، ێ، وی) یەوە بە فۆنیمی سەربەخۆ داناوە ، بۆیە وا پێویست دەزانێت کە نیگاری تایبەتیان بۆ دابنرێ، بەڵام خۆی وانییە چونکە ئەو دوو فۆنیمە لە باری ئاسایی فۆنیمن ، بەڵام کارتێکردی ئەو دەنگە بزوێنانە وای کردووە ، کە بە شێوەیەکی تر دەربېڕێن

لە چەند شوێنێکی تر ، شەش بزوێنی دەست نیشان کردووە و سەرەرای ئەوەش دوو بزوێنی (و -u ) (وو- û) لەگەڵ دەنگی کۆنسۆنانتی (وو - w) تێکەڵ کردووە وەك ئەوەی هەردوو دەنگەکە یەك بن کۆری زانیاری کورد لە یەکەم رۆژی دامەزراندنییەوە ،بایەخێکی زۆری بە دانانی ڕێنووسێکی دیاری کراو یۆ زمانی کوردی داوە ، پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دڵسوزانە لەو رووەوە بەرهەمێکی هێنایە بەرهەم و لە یەکەم بەرگی گۆڤاری کۆر بلاوکرایەوە، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٣، ل١٠)( kury zanyari kurd:1973:10).

مامۆستا مەسعوود محەمەد بە شێوەیەکی زانستی و بە بەڵگەی زۆرەوە باسی لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی کردووە، هەر بە نموونە، چوار بەڵگەی واقیعی بۆ رەت کردنەوەی دانانی نیگاری سەربەخۆ بۆ دیفتۆنگی (وێ) هێناوەتەوە، کە پێش ئەو زاتە کەس بۆ ئەو راستییە نەچووە،نموونەوی لە سەر نووسینی پریپۆزیشن کە نابێ لێی لاری بین.

لە بلاوکراوەکانی ساڵانی حەفتاو هەشتا گەلیك وتارو بابەت سەبارت ڕێنووس کوردی خرایە بەرچاو ، لەوانەش هەر بە وێنە (فوئاد، چەند سەرنجێکی زمانەوانی ، گۆڤاری کۆر ،ژ٢،١٩٧١)(محمد ساڵح سەعید،جارێکی تریش پیتەکانی کوردی،گۆڤاری نووسەری کورد، بەغدا ، ژ٣،١٩٧١)(محمد ئەمین هەورامی، ڕێنووسپەیرەوی زمانناسی بکا باشە، ئاسۆی زانکۆیی،سلێمانی ،ژ١٠، ١٩٧٨)(محمد رەئووف ئالانی ،ڕێنووسی کوردی و چەند هەڵوێستیك،هاوکاری ، ١٩٧١) و گەلی وتارو بابەت لەم لا و ئەو ).

ئەوەش لە یادنەکرێ، لە ڕێنووسی عەرەبی کۆمەڵێك دەنگ هەن ، کە ئەمڕۆ لە ڕێنووسی ئەلفوبێی لاتینی(تورکی) شوێندراون، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەو دەنگانە عەرەبین (ح،ع،غ،ق،ڵ،ڕ) ، ڕاستە بەشێك لەو دەنگانە کوردی نین ، بەڵام بە هۆە دراوسیتی و تێکەڵاوی زمانی کوردی لە تەك زمانی عەرەبی و فارسی ئەو دەنگانە هاتۆنەتە ناو ئەلفوبێی کوردینراو و پاشان بووەتە بەشێك لەو ڕێنووسە و ئەمەش دەچێتە ناو ڕووباری دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان.

**تەوەری سێیەم :**

**هەوڵەکانی به ستاندارکردنی ڕێنووسی کوردی و ڕاست نووسی(orthography)**

سەرباری کێشەی نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی و دابەشبوونی زمانی کوردی بە لای کەمەوە بە سەر چوار دیالێکتی سەرەکی،کورد لە کێشەی نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووش رزگاری نەبووە،ئەگەر چی وتارو نووسینی زۆر لەم بارەیەوە نووسراون، بەڵام سەرجەم لە نووسین زیاتر نەبووە،ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕێنووسی زمانی کوردی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەوڵ و تەقەلاو رەنجی زۆر دراوە بۆ بە ستاندارکردن و ڕاستی نووسین بە زماتی کوردی ، ئەمەش حاشا هەڵنەگرە کە میللەتی کورد هەر لە کۆنەوە خەمخۆری زمانکەی بووەو ئاستی هوشیاری و نەتەوەیی زۆر بەرز بووە، هەر لە گەڵ سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردی بە فۆنتی عەرەبی دریخی نەکردووە و رەنجی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەم ئەلفوبێییە بتاوێنێتەوە و رێکی بخات بە مەرجی لە گەڵ سیستم و یاسای فۆنەتێکی و فۆنۆلۆژی دەربڕینی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بگونجی ، ڕاستە سەرەتا تا سەرەتای سەدەی بیستەم و هەر لە بیستەکاندا هەر هەمان دەستوور و یاسای ئەلفوبێی فۆنیمەکانی زمانی عەرەبی ڕچاو دەکرا ، واتا چۆن ڕێنووسی عەرەبی دەنووسرا، هەمان شت وریچکەو دەستوور نووسینی کوردی دەڕۆیی ، لە بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا دەنگە کوردییەکان ،واتا دەنگەکانی ( پ – چ – ژ – ڤ – گ) خزانە ناو ڕێنووسەکە ، بە شێوەیەك ڕێنووسەکە کور\یندرا ،هەر لە هەمان کاتدا ئەو فۆنیمانەی ،کە لە زمانی کوردی نرخیان هەیەو لە زمانی عەرەبی هەمان نرخە، کورد وێنەی تایبەتی بۆ کردن لەم ئەلفۆبێیە ، وەك (ڕ)قەڵەو (ڵ) ی قەڵەو (و) کراوە و درێژو (ێ) یێ ڤاول و هەمزەی سەر کورسی (ئ)، ئەمە یەکەم هەوڵ بەە بۆ خۆماڵێکردنی نووسینی کوردی ، بە هەمان وێنەی نووسینی تەرزی فارسی (لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان سەدەی بیستەم دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردی لە جیاتی سەرو بۆر و ژێر( فەتحە و زەممە و کەسرە)ی عەرەبی وێنەی تایبەتییان بۆ دانرا،ئەمەش تایبەتمەمدی زمان و ڕێمووسی کوردی و دینامیزمی پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەردەخات ، وشەی کوردی چۆن دەگوترێت ئاوهاش دەنووسرێت ، کەچی هێشتا زۆربەی ئەو زمانانەی تر، عەرەبی، فارسی ،کە بە هەمان ئەلفۆبێ دەنووسرین، گرفتیان بۆ خوێنەر دروست کراووە، (سابیر، ٢٠١٤، ل٧١)(Sabir, 2014, p71).

تەماشاکردنی بەڵگەو نووسینەکانی پێش سەرەتای بیستەم بەڵگەنەویستە بۆ ئەم بابەتە ، بە وێنە بڕوانە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایکی چاپی قاهیرە ، کە لێی ورد دەبێنەوە هەست بەوە دەکەین کە ڕێنووسەکە هەمان ڕیچکەی نووسینی فارسییە ، تەنیا فۆنیمە کوردییەکان چوونەتە ناو

ڕێنووسەکە ، ئەمەش تاکو ئێستاکە لە زمانی فارسی و ئۆرد و زمانە هندییەکان ڕەچاو دەکرێت ، بەلام لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو ، واتا پاش یەکەم جەنگی جیهانی و بە ئاگابوونەوەی میللەتان و بڵاوبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و نەتەوەیی ، زانا و شارەزایانی کورد بیریان لەوە کردەوە ، کە پێویستە پەرە بەو ڕێنووسە بدرێت هەر وەك زمانەکە پەرەی پێدرا و گەشەی کرد ، بۆیە تەماشا دەکرێت ، بە هەوڵی ڕۆشنبیرو روناکبیران ، تەکان وبرەو بەم دەریا چەق بەستووە درا و خەمی پەرەسەندنی بوون ، تەماشا دەکرێت ، نیشانە کوردییەکان هاتە ناو ڕێنووسەکە لە برشی ( سەرۆ بۆر و ژێری) عەرەبی ، واتا برەو بە ڕێنووسەکە درا و توانرا جۆرە ئازادییەك بدرێتە ئەو پرۆسەیە ، ئەمەش لە بەڵگەنامە و بەرهەمی ئەشیفی کتێبخانەی زمانی کوردی ئەو سەردەوە دیارە،

لە مێژووی زانی کوردی ، زمانەوان و شارەزاو نووسەرو رووناکبیران بۆ نیشاندانی خەمخۆری خۆیان بەرانبەر زمانەکەو هەولی تەواو بۆ چاکسازی لە ڕێنووسی کوردی دراوە ،لە دەستپێکی ئەو هەوڵانە ، هەوڵ و تەقەلای ژمارەیەك مامۆستاو نووسەران، وەك ئەو متارانەی لە گۆڤاری (دیاریی کوردستان) ی چاپی بەغدا (ئەم گۆڤارە دووەم گۆڤاری کوردییە کە پاش گۆڤاری ( بانگی کورد) دەرچووە ، بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و ساڵح زەکی ساحیبقران خاوەن ئیمتیازی بووە ) ، ژمارەیەك وتار سەبارەت بە گۆرینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی بە خامەی (پیروت) ناوێك و (تۆفیق وەهبی و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و حەسەن کوێستانی) لەنموونەی ئەو نووسەرانە بوون هەوڵی راست نووسینی کوردییان داوە،

وتارو بابەتەکانی (دیاریی کوردستان ) بەڵگە نەویستە بۆ هەوڵدان بۆ چاکسازی لە ڕێنووسی کوردی وەك ئەمانەی خوارەوە کە لەو گۆڤارە لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراونەتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| أ-ئیملای کوردی بە حروفاتی عەرەبی | ئیسماعیل حەقی شاوەیس | ژمارە ٨،١ |
| ب-کوردی بە چی حەرفی بنووسرێ | پیروت | ژمارە ١٢ ساڵی١٩٢٥ |
| پ-کوردییەکەمان بە چۆن حروفیك و چۆن بنووسین | تۆفیق وەهبی | ژمارە ٥،٦ |
| ج- لە حەق نووسینی تازە | حەسەن کوێستانی | ژمارە ١٦ ساڵی ١٩٢٥ |

ئەمانە مشتێك بوون لەو خەرمانە زۆرەی دراوە بۆ ڕاست نووسین و بە ستاندارکردنی ئەلفوبێی کوردی و هەوڵەکان درێژەی بە خۆوە بینێوە تا رۆژی ئەمرۆمان.

ئەم هەنگاوەش کۆتایی بە پرۆسەکە نەهێنا، چونکە زۆر کێشە و ناتەواوی مایەوە و پێویستی بە ڕێگا چارەسەر بوو ، هەوڵی ستاندەرکردنی ڕێنووسی کوردی بەردەوامی هەبوو، بەڵام بە هۆی باری نائاسایی ناوچەکە و نەبوونی یەك هەڵویسست و یەك ڕاو بۆچوونی کێشەکانی هەندی جار دەگەیشتنە کۆڵانی داخراو ، زۆر لە شارەزا و زانا مامۆستایان ، هەر یەکێك لە لای خۆیەوە هەوڵی دەدا بەڵام مخابن ، کەس گوێ لێناگرت و ئاوڕی لێ نادرایەوە، هەر بۆ نموونە هەوڵەکانی هەر یەك لەمانە ( د.جمال نەبەز، مستەفا نەریمان، تاهیر سادق، تۆفیق وەهبی، د. عیزەدین مستەفا رەسوول ، عەورەحمانی حاجی مارف) و زۆری تر کە هەوڵی دڵسۆزانەی باشیان دا ، بەڵام هەر لە سەر کاخەز مایەوە ، لە لاشەوە ، بانگەوازی ئەوە دایە بەر گوێ ڕۆشبیران ، کە ڕێنووسی ئەلفوبێی عەرەبی پڕ بە

پیستی فۆنیمەکانی زمانی کوردی نییە و پێویستە ئەلفوبێیەکە بگۆردرێتە ئەلفوبێی لاتینی ، بە وتەی ئەوانەی ئەم دروشمەیان بەرزکردەوە، ئەمە گونجاوتر و لە بارترە بۆ فۆنیمەکانی زمانی کوردی، تا ئەمرۆش ئەم هەولچانە بەردەوامە و تەنانەت بەرنامە داریژرەری بۆ دانراوە لە چەند ناوچەیەك بەرەو ئەو ئاراستەیە.

لە شەست و حەفتاکانی سەدەی رابوردوو ، هەوڵی زۆر درا بۆ چاکسازی لە ڕێنووسی زمانی کوردی و رۆڵی کۆری زانیاری کورد بۆ ئەم مەبەستە دیارە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە یەکەمین بەرنامەی کۆر بوو بۆ چاکسازی و خاوێن کردن و راستکردنی ڕیچنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

ئەلفو بێی کوردی ئەوەندە گرفت و کێشەی نییە ، کە بیر لە گۆرینی بکرێتەوە، ئەگەر هەبێت زۆر کەمەو چارەسەری هەیە و بە هەندێك برین پێچی سووك و ئاسان ئەنجام دەدرێت، ئەم ئەلفو بێیە عەرەبییە لە سەردەمی سەدەی هەشتەمی زاییـنەوە لە بەشی زۆری کوردستان فەراهەم کـراوەو چەسپاوە، بۆیە هەندێك جار بانگەشە ئەوە لەملاو ئەولا دەکرێت ناوازە و دوورە لە بنەمای زانستی ، کورد بە سەلیقەو شارەزایی و ئەزموونی خۆی توانیویەتی ئەم ئەلفوبێیە وا رابهێنێت ، کە لە گەڵ دەربڕینی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بگونجێنێت و خۆشەی بگات و ئەوەی دەمێنێتەوە چەند دەنگ و فۆنیمی کەم وەك دیفتۆنگ وبزرۆکەوئەوانی تر هەمووی چارەسەر کراوە،کورد لەو گەلانەی کە ئەم ئەلفۆبێیە بەکاردەهێنن ، توانیویەتی لە ڕێنووسەکەیدا باشتر لە عەرەب و فارسی و ئۆردۆ و گەلانی تر بێگۆنجێنێ ،هەندێك بانگەشەو دەنگۆی ئەوە بەر گوێمان دەکەوێت ، کە ئەلفوبێی لاتینی باشترو گۆنجاوتر بۆ وێنە نواندنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، لە بەشی پێشوو لە بابەتە دواین و ئاماژەکرا، کە ئەلفۆبێی لاتینی لە کوردستانی باکوور ڕچاو کرا بە حوکمی دەسەڵاتی کەمالیزمەکان کاتیك ئەو دەسەڵاتە ویستی ئامانجە سیاسی و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدی بیهێنێت ، کەماڵ ئەتاتورك لە ئەنجومەنی نیشتمانی باڵای تورکیا لە بیستەکانی سەدەی رابوردوو ،بە بریارێك سەپاندییە سەر گەلانی تورکیا و کوردی باکوور بە ناچار چووە ژێر باری ئەو ڕێنووسە لاتینییە و لەو رۆژە تا ئەمرۆ لەو ناوچانە بەکاردێت ، بەڵام ئایا باشترولەبارترە بۆ رَێنووسی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، ئایا ئەو سامان و گەنجینە دوو سەد ساڵەی کوردستانی باشوور کە بە ئەلفۆبێی عەرەبی نووسراوە دەسبەرداری ببێن، لە وەڵامدا زۆر ئاستەنگە بۆ کوردی باشوور دەست لەو ئەلفوبێیە هەڵبگرێت و لە هەمان کاتیشدا کوردی باکوور قورسە دەست لەو ئەلفـۆبێیە لاتینییە هەڵگرێت، بۆیە وەك زمانی ستاندارکردنی زمانی کوردی نەهاتۆتە دی، ئەمەش بۆ ڕێنووسەکە قورس و زەحمەتە، بۆیە تا زمانی ستاندار نەیەتە دێ ، زۆر مەحاڵە رێنووسی ستاندار بێتە دێ لەم کات و ساتەدا ، بەڵام دەکرێت نزیك بوونەوەیەك دروست ببێت و چاکسازی لە ڕێنووسە عەرەبییەکە بکرێت ، بۆ ئەوەی کێشە نەمێنێت و بگەینە ئەنجامێکی چاك و جێی ڕەزامەندی هەموو بێت.

ڕەنگە ئەلفۆبێی لاتینی تا ئێستا بۆ کوردی باکووری کوردستان پێویست بێت ، چونکە ئەوان بە ڕووناکبیرو نووسەرانیشەوە تەنیا بەو ئەلفۆبێیە دەتوانن بخوێنن و بنووسن،دەتوانن درێژە

به پەیوەنـدی به زمانەکەیـان بـدەن و هەسـت و بیـر و خەونـی خۆیـان به زمانەکەیـانەوە دەرببـڕن، بـۆیه ئەوان مـافی خۆیـانه ئەو جـۆرە ئەلفـوبێیه بەکـاربهێنن ، بەڵام بـۆ باشـووری کووردستان پێویستییەکی زمانی کوردی نییه ، تەنیا بۆ ئەوە به سوودە که مـرۆڤ بتوانێـت بەو هۆیەوە بەرهەمی نووسەرانی باکوور بخوێنێتەوە(سابیر، ٢٠١٤، ل٩٧)(Sabir, 2014, 97).

جێی باسه ، ئاماژە بکرێت بۆ ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ئەکادیمیـای کوردی ساڵی ٢٠٠٩ شاری هەولێـر بکرێـت ، که ژمـارەیەك پێشـنیارو ڕاسـپاردەی خسـته ڕوو بـۆ سـتاندارکردن و هەوڵـی یەکگرتنی ڕێنووسی کوردی ،له سەرەتادا ئەکادیمیـای کوردی بەم شـێوەیه دەسـتی به بـابەتەکه دەکـات (ئاشـکرایه ئەو دەسـتکاری و کۆششـەو شـەکەتەکارانەی ، که زانـا و زمانەوانـانی کـورد له تیپەکـانی زمـانی عەرەبیـدا ، بـۆ پـێ دەربڕینـی دەنـگه کوردییەکـان کردوویـانه و ئەو بـابەته چاپکراوانەی دەیـان ساڵه بەو ئەلفوبێیه دەنووسـرێن ، ئێستا ئەگەر ناتەواییەکیشیان مابێت ، هێشتا له هەموو ئەلفوبێیەکـانی تـر باشـتر دەنگەکـانی زمـانی کوردی پـێ دەردەبڕدرێت و لەو گەلانەی ئەو تیپـــانه بەکـــاردێنن، زۆرتـــر و ســـەرکەوتووانەتر دەســـتکاریمان کـــردوون و به بەریشیەوە ماوە ، هەر کاتێك پێویستی کرد چاکسازی تریش تێدا بکرێـت و دواتـر لەو کێشـانه دوا ،که تـا ئێسـتا چارەســەرێکی زانســتی و ڕێکوپێـك و روون نەکراون(ئەکادیمیـای کـوردی ٢٠٠٩:٣)).

ئەکادیمیـای کـوردی لەو کۆنفراسـەیدا ژمـارەیەك ڕاسـپاردەی خسـتۆته بەر چـاو ، وەك دەڵێـت ( واوی کـــورت uکه بـــۆری عەرەبـــی دەگـــرێتەوە وەك کـــور ، لـــوڕ به یەك (و) ی بـــێ نیشـــانه دەنووسرێت ، هەر شێوەی واوی کۆنسـۆنانتەکەی هەیه ، به لاتینـی (w)، واوی درێـژ که به دوو واو دەنووســـرێت وەك ، ژوور ، مێـــژوو)، واوی کـــراوە (o|، به واوێکـــی نیشـــانەی vله ســـەر دەنووسرێت وەك،خۆر ، دۆڵ،دوو دەنگی دیفتۆنگ (وێ) وەك، شوێن ، کوێ، پێویست بەوە ناکـات تیپێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێت ، بـۆ واوی سـەرەتا ی وشـه وەك، وڵات ، وریـا ، وتـی پێویسـته به یەك واو بنووسرێت نەك دوو واو، واوی پێکەوە بەستراو به شێوەیەکه سەربەخۆ بنووسرێت وەك، مـن وتـۆ، مـن و تـۆ( ئەکادیمیـای کوردی، ٢٠٠٩، ل١٤)( acadymia Kurdish, 2009, p14)

ئەمه له لایەن راسپاردەکان بـۆ فـۆنیمی (و) و چـۆنییەتی ڕاسـت نووسـینی بەو شـێوەیەی پێیـان باشـترە، له بـارەی فـۆنیمی (ی) ، بـۆ ئەمەش هەنـدێك هەنـدێك رشاسـپاردەی خسـته ڕوو(بـۆ فۆنیمی (ی بێدەنـگ واتاy و دەنگدا له نووسینی ئەلفو بێی عەرەبی وێـنەی نیـیه و پێویسـت ناکات (دەبێت خەمی ئەم بابەته بخورێت ، چونکه کێشه و نـاتەواوی ڕێنووسـه که فۆنیمێـك له سیستکمی فۆنۆلۆژی هەبێت و وێنەی نەبێت — توێژەر).

ئەکادیمیای کوردی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، هەوڵ و تەقەللای زۆری داوە بۆ ڕێکخستن و ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی کوردی و بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپاردەکانی کۆنفراس، بەرهەمی چاکی دایە دەستەوە ، هەرچەندە لە هەندە خاڵدا نازانم پەلە کراوە، یا بۆچوونی تاکە کەسێکە کەوتووەتە نێو هەڵەوەو پێویست بە ئاوڕدانەوەو چاوخشاندەوە دەکات .

لە کۆنفراسدا چارە بۆ زۆربەی کێشە و کەموکورییەکان دانراوە ولێرەدا بە پێویست دەزانین پوختەکانی بخەینە ڕوو:

١--فۆنیمی هەمزە (ئ) :

(هەموو بەڵگەکان دەیسەلمێنن ، کە هەمزە (ئـ) لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، کەواتا پێویست ناکات نرخی هەبێت و پێتێکی بۆ تەرخان بکرێت ،بەڵام وەك پێویستی رەنووسێ دەبێ بنووسرێت بە تایبەتی کە فۆنیم لە پاشی بێت ،(ئێستا/، ئەمرۆ، ئۆمید،......)

٢--هەردوو فۆنیمی (ر) و (ڕ):

لە زمانی کوردیدا ئەو دوو فۆنیمە دوو نرخیان هەیە، لە زمانی عەرەبی وفارسی یەك نرخ، بۆیە لە هەر شوێنێك دەرکەوتن شێوەیان چۆنە ئاوها بنووسرین، من لە گەڵ ئەوەدا نیم کە دەڵێت هەر (ر) لە سەرەتا هات قەڵەو پێویست نیشانەی قەڵەوی بۆ دابنرێت ، ئەمە زیادنووسینە ، پێویست ناکات یا بۆ (ل) کۆتایی کە بزوێنی (ا) لە پێشیدا هات قەڵەوە پێویست ناکات ، کەچی کۆنفراسی ئەکادیمیا چەخت لە سەر دانانی نیشانەی قەڵەوی هەردوو دەنگەکە دەکاتەوە.

٢-نووسینی وشەی عەرەبی:

کۆنفرانس پێی وایە دوو بۆچوون هەیە و یەکەمیان وشەی عەرەبی چۆن نووسراوە بە زمانی عەرەبی ئاوها لە کوردی بنووسرێتەوە و دووەمیان بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت ،پێمان باشە بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت باشترە.

سەبارەت بەو وشە عەرەبییانەو چۆنییەتی نووسینیان بە نووسینی کوردی ،لە ڕاسپاردەکانن پێی باشە وەك خۆی و بێ دەستکاری بنووسریت (حج، زکاە )( بەلام دەکرێت بە ئەلفوبێی کوردی بنووسرێت ( حج=حەج،زکاە=زەکات).

٣-نووسینی ژمارەکان :

نووسینی ژمارەکان لە (١-١٠) هێچ کێشەی نییە ، بەڵام بۆ ژمارە (١١ تا ١٩) هەندێك ئالۆزە ، بۆ نموونە ژمارە١٢ بە پێنج جۆر دەنووسرێت (دوانزە،دوانزدە، دوانگزە، دوازدە، دوانگزە) ولەم وشانە پێك دێت (دوو +ان+نیز+دە)، (ان) ژمارە دابەشکارییە ،(نیز) وشەیەکی فارسییە بە واتای

(له گەڵ) ، بۆ سووکی و ئاسانکردن هەندێك گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.لە وشەی (نیز) بڕگەی (نی) فڕیدراوەو تەنا (ز) ماوە بووە بە دوانزە.

٤- گرفتی وشەی لێکدراو:

دوو راو بۆچوون هەیە سەبارەت بە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا :

- به لێکدانی دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ ، وشەیەکی واتادری نوێیان رۆنان کرد ئەوا پێویستە مامەلەی یەك وشەی لە گەڵدا بکرێت و بەیەکەوە بلکێندرێ و بنووسرێ، وەکوو :(مزر +سێو=مزرەسێو).
- دوو وشەی واتادار لکێندران و مانا و واتای نەدایە دەستەوە ، واتاکان پابەند بوون بە وشە سەرەکییەکان ئەوە پێویستە بە جودا بنوسرێن ،وەکوو(گوڵ+باخ=گوڵە باخ).

٥- ئامرازی پەیوەندی:

لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت ناو بە ڕاناو یان بە ئاوەڵناو تەواو بکرێت بەڵام ئەو تەواوکردنە بە بێ یاریدە ناوگری (ی) نابێت ، وەکوو (گۆشت +بەرخ=گۆشتیبەرخ)

٦- ناوگری (و) ی بەستنەوە:

(و) ی بەستنەوە (عەتف) بۆ پێکەوە بەستنی دوو وشە ، دوو دەستەواژە ، دوور ِستە بەکاردێت، لە نووسندا نالکێنرێت بە هێچیانەوە ،وەك ( کوڕ و کچ)

٦- پاشگرەکان:

بە گشتی سەرجەم پاشگرەکان بە پارچەی پێشییەوە دەلکێندرێت و دەنووسرێت ، تەنیا وشە دەنگدارەکان نەبێت ، ئەوا پێوەی نالکێندرێت ، وەك ( بازار +دا= بازاردا)( ئەکادیمیای کوردی:٢٠١٠:٣٢).

٧- کێشەی هەردوو فۆنیمی(ح،ع):

ئەگەر چی هەردوو دەنگی (ح،ع) دوو دەنگی کوردی ڕەسەنی کوردی نین و بە کاریگەری زمانی عەرەبی لە سەر زمانی کوردی هاتبنە ناوزمانی کوردییەوە، ئەوا دەکرێت دەست لەو دوو دەنگە هەلگرین و بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە وشەی رەسەنی کوردی بۆ ئەو دوو دەنگە دەگمەنە، بۆیە دەکرێت لە برێ (ح) پشت بە (ه) ببەستین و لە جیاتی (ع) دەکرێت (ئ) بەکاربهێنێم.

٨- کێشەی دەنگی (غ):

دەنگی (غ) دەنگێکی رەسەنی کوردی نییە ، بۆیە دەکرێت دەنگی (خ) لە جیاتی بەکاربهێنێن بێ ئەوەی کار لە مانا و واتا وشەکان بکات (باغ = باخ ).

٩- گرفتی دەنگی یەك(ی)و دوو دەنگی(ی):

ئەو وشانەی کۆتاییان بە یەك پیتی (ی) یان دوو پیتی (یی) دێ و پاشگرێکیان بە دوادا دێ ن کە بە پیتی (ی) دەست پێ دەکات ،پیچویستە لە نووسیندا هێچیان فەرامۆش نەکرێت، (د.عبدالله حسین رسول:٢٠١٥:٦٧).

لە درێژەی راسپاردەکاندا ئاماژە بۆ (ی) درێژ کراوە و دەڵێت (یهەموو (ی)یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی درێژە و هەر بە یەك (ی) دەنووسرێت و هەموو (ی) ی ئامرازی پیوەندی دەبێت بلکێنرێت ،مرایی نێر،

بۆ فۆنیمی (ر)و (ڕ) دوونرخیان هەیە ، دوو فۆنیمی جیان ،بۆیە لە هەر شوێنێکدا ( سەرەتا ، ناوەڕاست ،کۆتایی)دەربکەون شێوەیان چۆنە دەبێت وابنووسرێن .

ئەنجـــام:

١.ڕێنووسی لە گەڵ سەرهەڵدانی ژیان و ئاخاوتن پەیدا بووە و شان بە شانی زمانی مرۆڤایەنی بووە.

٢. کیێشەو ناتەواوی وکەموکورۆتی لە سەرجەم ڕێنووسی زمانانی جیهان بوونی هەیە و بەشێکی چارەسەر کراوەو بەشێکی زۆرییش بێ چارەسەر ماوەتەوە.

٣. سەرهەڵدانی ڕێنووسی زمانی کوردی هەر لە سەردەمی گوتی و میدییەکان هەبووە ،بەڵام لە گەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئاینی ئیسلام زیاتر هاتە ناو زمانی کوردی.

٤. ڕیێنووس لە گەشەو پێشکەوتن زۆر لە سەر خۆییە ، وەك زمان نییە کەهەنگاوەکانی زۆر بە پەلە و تیژن.

٥. لە ماوەی پەنجا ساڵی رابوردوو ڕێنووسی کورد ی زۆر گەشەی کرد و ئەمرۆش ئەو گەشەیە بەردەوامە.

٦. لە زمانی کورد ئەمرۆ دوو ڕینووسی کوردی فەراهەم دەکرێت ، ئەلفۆبێییێی عەرەبی و لاتینی،ئەمەش دیاردەیەکی تەندروست و راست نیییە.

٧. هەوڵ و تەقەللای زۆر لە لایەن خەمخۆرانی زمانی کوردی دراوە بۆ یەکخستن و راستکردنی ڕێنووسی کوردی ، بەڵام بە هۆی نەبوونی بریاری یەکگرتوو ئەو ئاواتە قەتیس ماوە.

٨. ڕاست نووسین و یەکگرتنن و ستاندارbوونی ڕێنووسی کوردی ئاواتێکە و دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بێتە دێ.

٩. بابەتی هەبژاردنی ڕێنووسی گونجاو بۆ زمانی کوردی ئەوە ،لای شارەزاو پسپورانی زمانی کوردی دەمینێتەوە و کاری بەرپرسیاران و دەسەڵاتداران نییە.

**سەرچاوەكان:**

ئەكاديمياى كوردستان، ٢٠١٠،ڕاسپاردەكانى كۆنفراسى ڕێنووسى يەكگرتووى كوردى، هەولێر.
ئەكاديمياى كوردى،٢٠١٠، ڕاسپاردەكانى كۆنفراسى بەرەو ڕێنووسێكى يكگرتووى كوردى ، هەولێر.
ئەورەحمانى حاجى مارف،١٩٨٥،نووسينى كوردى بە ئەلفوبێى عەرەبى،هەولێر.
حاميد فەرەج ،،١٩٧٦رێنووسى كوردى لە سەدەيەكدا، كورى زانيارى كورد ، بەغدا، ١
رفيق سابير، ٢٠١٤،بەستاندەركردنى زمان و ئەلفوبێى كوردى، تاران،، دەزگاى غەزەلنووس
ڕینووسى كوردى ، ١٩٨٤،گۆڤارى كۆرى زانيارى كورد ، ژ١٢، بەغدا .
سابير رەفيق ،٢٠١٤،بە ستاندارکردنى زمان و ئەلفوبێى كوردى،ناوەندى غەزەلنووس، سلبمانى.
سەباح موسا عەلى،رێنووسى كوردى، ٢٠٠٦،گۆڤارى كۆرى زانيارى كورد، بەغدا.
سەجادى عەلائەدين ، ١٩٦٠،دانانى نيشانەكانى پيتى كوردى ، گۆڤارى رۆژى نوێ ، ژ١٢ ،سلێمانى
عەبدوڵا حوسين رەسوول،٢٠١٥، چەند باسێكى وردى زمانەوانى كوردى ، چاپى يەكەم ،هەولێر.
عەبولرەحمانى حاجى ،١٩٧٦،مارف،گۆڤارى كۆرى زانيارى كورد، بەرگى هەشتەم.
گۆڤارى كۆنتێكس،٢٠١٧،وێناكان كانگاى داهێنان،سلێمانى .
نەبەزجمال ،١٩٧٦زمانى يەكگرتووى كوردى ، بامبێرگ ، ئەڵمانيا
نەريمان مستەفا ، ١٩٨١،ڕێنووسى كوردى لە رەگوريشەوە،بەغدا،دەزگاى رۆشنبيرى و بڵاوكردنەوى كوردى.
وريا ئۆمەر ئەمين، ٢٠٠٤،چەند ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى،هەولێر، دەزگاى ئاراس
وريا ئۆمەر ئەمين، ٢٠١١،پيتۆكەكانى زمانەوانى، هەولێر، ئاراس.

## References

*Nabaz,j,(1976),Kurdish united language,Germa
Ali.Musa,s,(2006)Kurdish dictationkurdish scientific society orgazination magazine, Baghdad
Ameen,Wiria,o,(2011), language letters, aras organization,Erbil**
Faraj,H,(1976),Kurdish Dictaon in one century.kurdish scientific,society, Baghdad
Haji ,Marif.A(1982)Kurdish scientific society organization, Erbil*
Kurdish Academic ,(2010) Kurdish united dictation * adviceconference,erbil
kurdish dictation ,(1984) kurdsish scientific orgazanition * magazine,no12mbaghdad
Nariman,M,(1981),Kurdish dicyonfrom its roots,culture organization for Kurdish publishing,Baghdad
Sabir,R,standard Kurdish and its alphabetical, tahran, Iran
Sajadi,A,(1960),putring Kurdish letters. New day magazine,no 12**